ژماره ٩
خوێندنەوەیەک بۆ کتێب: هەڵۆ بەرزنجەیی

**پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاکراوەکانی -پاسۆک**

بەرگی یەکەم ژمارەکانی ١-١٦ چاپی٢٠٢٢

(پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین)
{ئاڵای سووری کوردایەتی }
[چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە]
ژمارە -٩- تشرینی یەکەمی١٩٨١ ف ڕەزبەری٢٥٩٢ ک
ئەم ژمارە ٩ بابەتی چڕوپڕی لەخۆ گرتووە.. بەداخەوە دەبێت لەسەرەتاوە بڵێم خوێندنەوەی ئەم ژمارە بەتاییەت بۆ چەند بابەتێکی ناکەم، چونکە نووسینەکان سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ و بەتاییەت شەڕی نێوان پاسۆک و یەکێتییە کە لە هاوینی ئەو ساڵەدا ڕوویدا.... بۆ ئەم قۆناغە سوودێک نابینم لە وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژگارە.. هەرکەس ئارەزووی تێگەیشتنی ڕووداوەکان بکات، دەتوانێ باسەکانی خودی گۆڤارەکە بخوێنێتەوە.
[سەروتار] بریتییە لە باسێک لەژێر ناونیشانی[[ ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە!]].. شیکردنەوەیەکی هەلومەرجی کوردستان و گەراکانی ئیمپریالیزمی جیهانی لەناوچەکەدا و هۆکارەکانی تری پشت شەڕی براکوژی...
پەشێو دەڵێ:
تێناگەم ! گەر تفەنگێک
هەزار گوللەی تێدا بێ
بەدەست کوردێکەوە بێ و
ڕوی لە کوردێک کرا بێ
چۆن دڵێ دێ بیپێکێ
با ئاگریش درا بێ
ئای براکوژی و کوردکوژی چ تاوانێکی گەورەی!!!!
ئەوەی گرنگ دەبینم لە چرکەسارەی زمانی گووللە زاڵە بەسەر زمانەکانی تردا و خوێن ڕژاوە، پاسۆک لەرێی ئاڵاوە داوای تەبایی و وەلاخستنی کێشەکان دەکات... داوا لە ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گشت لایەک دەکات" دەنگی ناڕەزایی س رورەبوونتان بە ڕووی شەڕفرۆشان و کوردکوژان و خۆفرۆشانی ناوخۆدا بەرز بکەنەوە"... تا دەگاتە ئەوەی پێش کۆتایی وتارەکە ئەم ڕستەیە نووسراوە" دەبا گەنە قین و تەماع و ملهوری بکرێتە ژێر تەلاری دڵسۆزی و نیشتمان پەروەرییەوە.."
[[ ڕازێکی کوردانە]] بەناونیشانی جاش کێویکەکان.. نانی کام کونەماسی دەخۆن و پاسی کام جرتاوە دەکەن؟..!
بەدرێژی باسی ئەم شەڕی براکوژییە دەکات..
ناونیشانێکی تر بریتییە لە [[ قوتابخانەی پاسۆک ـــوانەی نۆیەم]] دەنگێ بۆ ئافاداری کورد کوشتن... دیسان لەسەر شەڕی براکوژی نووسراوە.. ئەوسا بابەتێکی تر کەژێر ناونیشانی[[ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە [[
بابەتێکی زۆر جوانی ڕەخنەئامێزە لە جیهان و هەموو ئەوانەی باسی مافی مرۆڤ و خۆشەویستی مرۆڤایەتی دەکەن.. من لێرەدا پەرەگرافێکی ئەو نووسینەتان پێشکەش دەکەم:" دە "مافی مرۆڤ" و "هەق "و "برایەتی نێو گەلان "لەخەونی غەفڵەت و خۆ گێل کردن و سەقەت بوون ڕاست ببنەوە تا فشە فەڕێکتان تێدا ماوە ئەو قەرزەی کورد بدەنەوە.. ئەگینا پاشەڕۆژ ڕوو زەرد لەبەر قاپی خوا و کوردا دەوەستن" !
پارچە شیعرێک بێ ناوی خاوەنەکەی

هەر تیرەیەکن
گۆڕهەڵکەن و کفنفرۆش لە مەیخانە هەرتک سەرخۆش
دەیان گووت بەدەم پێکەنین بەیانیش گۆڕ هەڵدەکەنین
جاویش بۆ کفن دادەدڕین مەزە و بادەی تریش دەکڕین
ژنی خاوەنی مەتخانە دەیگووت: چەند باشن ئەمانە
یاخوا بازاڕیان گەرم بێ گۆڕستان هەرپش تەرم بێ
میوانی وام زۆر بێتە لاکوڕێژگەم دەکەم بە مەلا
هەر یەکن کا و حەوت و کلۆش بێ جیاوازین بۆ خاوەن هۆش
[شادەمارە سەرەتاکانمان] مافی هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی نێو کوردستان دەپارێزین....
کوردستان کە موڵکی کوردە، وەک هەر نیشتمانێکی تر پێکهاتە و کەمەنەتەوەیی تری تێدایە ..ڕێزگرتن لە مافەکانی کەمە نەتەوەییەکان ئەرکێکی چەسپاو و پرنسیپێکی نەگۆڕی بیری نەتەوایەتییە.. هەر ڕۆژگارێ کورد دەسەڵاتی هەبووبێ پارێزگاری لەهەموو ئەوانە کردووە کە خۆیان بە کوردستانی زانیوە و هاوچارەنووسی کوردن ..
هەڵکەوتی کوردستان وایە، کەمەنەتەوەیشی تێدایە دەبنە بوونێکی سوودبەخش بەداگیرکەرانی کوردستان ...
لە ئەم شادەمارە دا هاتووە" مافەکانی ئەو کۆمەڵانەش ئەو مافە مرۆڤایەتییانە و مافە نەتەوایەتیەکانیش دەگرێتەوە.. هەر لەوەوە کە لە هیچ ڕوویەکەوە لە مافەکانی ( سیاسی و کۆمەڵاتەتی و ئابووری) یەوە لەگەڵ تاکە کوردەکاندا جیا نەکرێنەوە و هیچ بەربەستێکی ڕەگەزپەرستانە و دەمارگیرانە لەبەردەم ئەو تاکانەدا ڕاست نەکرێتەوە.. چ لەڕووی ماددی و چ لە ڕووی مەعنەویەوە..
ئەم مافانە مرۆڤانەی کە لەدەستوور و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا لەسەری دراوە و دانیان پێدا نراوە- بێ کەل کردن- مافییێ دەمەتەقێی ئەو تاکانەی کەمە نەتەوەییەکانە..."
پاسۆک بە دیدێکی گەشە و لە باوەڕێکی قوڵەوە بە خۆشەویستی مرۆڤ لەگەڵ تەواوی مافەسیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی و فەرهەنگییەکانی ئەم کەمە نەتەوایەتیانەدایە ...!
دواتر لە [ کەلەپووری شۆڕشگێریمان دا] شیعرێکی ترمان بەرچاو دەکەوی ژە بەداخەوە ناوی خاوەنەکەی لەسەر نییە ...لەبەرئەوەی ناوەڕۆکێکی بەرزی هەیە، کتومت لەگەڵ دۆخی کورددا لە فۆڕم و ناوەرکدا جووت دەبێت، ئەویش ڕادەگوێزم.
کەوە شەلە
سەرداری بۆکان عەزیزخانی سەربەرز و بەڕێز
دیتی کەوێک دەفرۆشن کڕیاری زۆر لە جۆشن
پرست: چۆنە ئەو کەوە؟! وا لەدەوری ئەو هەوە؟!
گوتیان: کەوێکی ڕاوە کەوی بری لەم ناوە
کەوشەلەی بەناوبانگ نرخی بۆکانە شەش دانگ
هەرگیز بینی تەنگ نابێ لە قاسپە بێ دەنگ نابێ
وتی: نامە بە پەلە بۆم بکڕن کەوە شەلە
لە زێڕیان لەسەربژارد کەویان بەسەردار سپارد
خان هەڵی پساند سەری ڕووی کردە دەوروبەری
گوتی: کێ هاوڕەگەزی بداتە دسست ناحەزی
پاداشتی سەربڕینە نەک وا بە زێڕ کڕینە
هۆشت بێ: کوردی هەژار گەلت مەدە دەست نەیار
[[ ماڵاوا]].. توژەڵەی سۆزانی وەجاخی گۆبلز ڕوون دەکاتەوە!
دیسان لەسەر ڕووداوە دڵتەزێنەکەی شەڕی براکوژی نووسراوە.. بەداخەوە لێرەدا ناچمە نێو ئەو باسەوە، با بۆ مێژوونووسان بەجێی بهێڵین.. بەهیوای ئەوەی چ جارێکی تر ئەو ڕۆژگارانە نەبینینەوە..
تا خوێندنەوە بۆ ژمارەیەکی تر، ئێوە شاد و کوردستان ئاوەدان و سەرکەوتوو بێت..


پێش ئەوەی هەرشتێ بین.. دەبێ کورد بین.
چەکی بێ بیروباوەڕ... سێدارەی جەماوەرە.
ئاڵای
سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک
گەلاڕێزانی ٢٥٩٣ / ژمارە دە / تشرینی دووەمی ١٩٨١


پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی
- پاسۆك -
گۆڤاری
ئاڵای سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆك)..
ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی
بەرگی یەکەم
ژمارەکانی ١ - ١٦
ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی
پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی - پاسۆك -
بەرگی یەکەم
ژمارەکانی ١ - ١٦
ئەمەی بەردەستتان لاپەڕەیەکی هێجگار و گەش و سەنگینی ڕۆژنامەگەریی
وردیی و ئەڵقەیەکی گرنگی خەباتی سیاسی و چەکداری و ویستگەیەکی بەرچاو و
ڕشنگداری مێژووی نەتەوەیی لە خۆگرتووە. هاوکات ئەم گۆڤارە بوتە خەرمان و
سەرچاوەیەکی گرنگی تۆماری پرسە قوڵ و ڕەهەندارە فیکری و سیاسییەکانی
بیری نەتەوەیی، هەر نەبێ لەو سەردەمەدا و بەپێوەندیی ئەو ڕۆژگارەی خۆی. واتە
خوازین و نەخوازین ئەم مێژووە لەم خانە مێژووییەدا ڕیزبەند دەکرێت.
شاراوە نییە، ئەوەی ڕۆژێ بوونی بە هەناسەی هاوبیرێکی نەتەوەیی ڕاستەقینەوە
ردبێت! کە چوناوچونی و بە چ ئەندازە و شێوەیەک بۆ پرسی نەتەوەکەی
ەسووتاو سووتاوە، ئەوا بێ دوودڵی و بێئەوبەرەیەک زۆر ئاسانتر چیرۆکی ئەم
ازار و ژانانە تێ دەگات...
ئاڵای سووری کوردایەتی، باسەکانی فرە بابەتن و بە زمانێکی تەڕو پاراوی
وردی نووسراون و بالانومای واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی نووسراون و
تومت ئەوەی تێدا تۆمار کراوە کە ڕوویداوە. چ گەرد و تەپوتۆزێکیان لێ
ەنیشتووە و ترش و خوێیەکیان پێوە نەکراوە و ڕتووشیشیان بۆ نەکراوە...
لەم گۆڤارەدا مێتۆدی ڕەخنەگرتن، بیری ئازاد، ڕێگەدان بە بیروڕای جیاواز،
ەتەک زۆر بابەتی دیکەدا بەدی دەکرێت. گۆڤارەکە لە ڕووی بەرپرسیارێتی فکری
مۆرالییەوە تەنیا« ئۆرگانی هێزی پێشمەرگە» بووە. ئەمەش جگەلەوەی
ئۆشەویستی گەورەیی پێشمەرگەیە، هەمان کات بەرپرسانە مامەڵەکردنە لەگەڵ
وزە پیرۆز و گەورەکەی چەمکی «کوردبوون»دا.
هەڵۆ بەرزنجەیی